# ئایا، ئەوەی ئێوە پارێزگاری لە پرینسیپەکانی کۆمەڵەیە؟!

پێشەکی:

ئێمە، زیاتر لە 100 کەس، بە دوای ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و شەر و تێکهەڵچوونیان، کە بەمجۆرە ئاکار و هەڵسووکەوتی شۆرشگێرانەی کۆمەڵەی تێدا خراوەتە ژێرپێ، راگەیاندنێکمان دەکرد و دەنگی نارەزایەتی خۆمان، لە دژی ئەم سیاسەتە چەوتە، دەربری تا لەوە زیاتر بە ناوی کۆمەڵەوە، سۆسیالیزم، دێمۆکراسی، حورمەت و کەرامەتی ئینسانی و گشت ئەو رەنج و ئازارانەی کە لەم رێگایەدا دراوە بە فیرۆ نەدرێت و ژێرپێ نەخرێت.

خالید سیادەت، ئەندامی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، بەدوای دەرچوونی راگەیاندنەکەدا، چەند رۆژ لەوەبەر، وتارێکی لەژێر ناوی " ئەوە پارێزگاری لە پرینسیپەکانی کۆمەڵە نیە" بلاوکردەوە. هەروەک خۆی دەڵێت، رووی قسەکانی لە کەسانێکە کە چەند ساڵ لەوەپێش، واتە لە ساڵی 2000 بە دوای کێشەکانی ناو حیزبی کۆمونیستی ئیران و جیایی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لەم حیزبە، گرووپێکیان پێکهینا بۆ یەکیەتیی ریزەکانی کۆمەڵە، لە ژێر ناوی کۆمەڵەدا. ئەوکەسانەی کە ئەم گرووپەیان پێکهێنا، بریتی بوون لە مەلکە مستەفا سوڵتانی، یەحیا دەوەنداری، رەحمان ئەرغەوانی، داریوش نەویدی، ئەحمەد بەهرامی، محەمەد موهتەدی و هاشم رەزایی.

ئەوەی لێرەدا گرنگە، لێکۆڵینەوە لە جۆرە بیرکردنەوەیەکە کە دەتوانێت زەرەروزیانی گەورە بە بناماکانی دێمۆکراسی و رەوتی پێشکەوتوو لە کوردستان بگەیەنێت، کە لێرەدا باسی دەکەم.

## رەخنەگرتن و رەخنەگەری بڤەیە؟!

خ.س لە نوسراوەکەیدا دەڵێت : " لێرەدا ئەوەی کە جێی سەرنجە  ئەوەیە کە ئێوە هیچ باسێک لەوە ناکەن کە رێبازی فیکری و سیاسیتان چیە. خۆتان وەکو تەنیا واریسان و حەقدارانی رەوتی کۆمەڵە نیشان دەدەن، بەلام نالێن کە چۆن بیر دەکەنەوە، پرۆژەتان چیە"

ئەم جۆرە بۆچوون و بیرکردنەوە، حەولدەدات کە بەر بە هەموو بیر و بۆچوون و هەڵوێستێکی رەخنەگەرانە ببەستێت لە ژێرناوی ئەوەدا کە " پرۆژەتان" چییە؟! کەس یان کەسانێک، پێویستە کە " پرۆژە" یەکیان هەبێت، جا ئەو کات مافی قسەکردن و رەخنەگرتنیان هەیە!!! ئەگەر پرۆژەیەکیشیان نەبوو، دەبێ "رێبازی فیکری و سیاسییان" باس بکەن!!! ئەوە یانی تاکەکەس حەتمەن دەبێت لە گروپێکی سیاسیی و یان رێکخراوێکی سیاسییدا بێت جا ئەوکات مافی رەخنەگرتن و دووان لە سیاسەتی ئەم و یان ئەو حیزبی هەیە!!. کە ئەم جۆرە بیرکردنەوەی خ.س رێکاورێک دژی " مافی دەربرینی بیرورا و مافە سەرەتاییەکانە مرۆڤە" . ئەگینا قسە لە پرۆژە و رێبازی سیاسی چییە؟! مافی رەخنەگرتنت نییە ئەگەر پرۆژەت نەبێت؟ مافی رەخنەگەرێت نییە، ئەگەر رێبازی سیاسییەکەت وەک بەرنامەی سیاسیی حیزبی بە نووسراوە نەدابێتە دەرێ؟

بەرێز خ.س، کەسێک لازم نییە، حەتمەن کارگەردانی فیلم و یان فیلمساز بێت جا ئەوکات مافی رەخنەگرتنی لە فیلم هەبێت! کەسێک لازم ناکات حەتمەن  دەبێ خاوەنی چەند "پرۆژە" یان پروگرامی سیاسی بێت، جا ئەوکات مافی تەحلیل و لێکدانەوەی سیاسی و یان تەفسیری سیاسی هەبێت؟  هەر لەو سوئیدەی کە من و تۆی لێدەژین، خەڵکانی زۆر لە رۆژنامەکانی جۆراوجۆری ئەم ولاتەدا نوسراوە دەنووسن و رەخنە لە عەرش و قورش دەگرن، بەلام کەس لایان لێناکاتەوە و پێیان نالێت کوا پرۆژەتان؟ کوا رێبازی سیاسییەکەتان؟ ئەوانە هەموو بروبیانوو بۆ تەسککردنەوەی مەیدانی رەخنەگەرییە و هیچیتر. حیزبەکەتان لەمێژە ئەو کەسانەی کە رەخنەتان لێدەگرن وەبەر شالاوی هێرش و جنێو داوە.  ئەگەر بە دڵێکی ئاواڵەوە چاوێک بە نوسراوەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا بخشێنین، ئەوە بە ئاشکرا دەبیندرێت. هەر لەم

نوسراوەدا خ.س دەڵێت: " ئێوە لە کاتوساتێکدا هێرش دەبەنە سەر کۆمەڵە کە کەمپەینێک لە دژی کۆمەلە کەوتوتە ڕێ کە سەری بە زۆر جێگای گومانەوە وەسڵە". لێردایە، کە ئێوە هەمیشە ئەو کسانەی کە ڕەخنەتان لێدەگرن، تۆمەتی گومانلێکراویی، تۆمەتی دوژمنایەتی لەگەڵ کۆمەڵە و ... لێدەدەن. سیاسەتی ئێوە لەچەند ساڵی رابوردوودا سوتاندنی چاک و خراپ بەیەکەوە بوو. بۆچی بیر لەوە ناکەنەوە، دوستتان بە خۆتان نەهێشتووە. ئەوەی بۆ ڕۆژی کۆمەڵەکەتان نایەن و تەحریمی دەکەن، پرسیارێکە کە خۆتان پێویستە لێیبکۆڵنەوە و وڵامی پێدەنەوە و مەیخەنە ئەستوی خەڵکانیتر. سیاسەتەکان، هەڵوێستەکان، دیپلۆماسی و کاری ڕێکخراوەیی ئێوە و و بەشەکانی داپچڕاو لە ئێوە، زۆر لە تایبەتمەندییە بەدەربەستەکانی کۆمەڵە دوورە و هەر لەبەر ئەوەیە ڕەخنەتان لێدەگرن. بۆچی ئەوەتان لەبیرچۆتەوە، کە لە کۆمەلەدا کۆبۆنەوەی مانگانە و ڕەخنەگرتن لە بەرێوەبەری لە خوارەوە تا سەرەوە هەبوو. بۆچی ئەوەتان لەبیرچۆتەوە کە کۆمەڵە بەرانبەر بە هەڵەکانی سیاسیی خۆی ڕەخنەی لەخۆ دەگەرت و شانازیشی پیوە دەکرد. بەڵام ئێوە وادیارە لە ماوەی ئەم 8 ساڵەدا، هەر خەریکی کاری "خێر و سۆسیالیستی" بوون و ئێمەمانان خەریکی کاری "شەڕ" و " قەڵسەگێران" لەم و لەو بووین؟؟!! ئەوە ڕەخنەگرییە، یەکێک لەو ڕیبازانەیە، کە دەبێت بە شێوازێکی پێشکەوتووانە، زیندوو کرێتەوە.

## کێیە تووی نەفرەت دەپژێنێت؟

خ.س لە درێژەی باسەکەیدا دەنووسێت کە : " پێتان وانیە پرێنسیپی شورشگێرانە دەخوازی کە لە جیاتی دوبەرەکایەتی زیاد کردن و تۆوی نەفرەت پژاندن، بیر لە یەکگرتویی و نزیک بونەوە بکەنەوە. لە جیاتی بێ هومێدی و ڕەشبینی و بێ ئاسۆیی، مژدەی هیوا و گەرمی و ڕزگاری بدەن".

بەراستی دونیایەکی سەیرە، ئێوە کە خۆتان، بەو سیاسەت و ڕێبازە جوانانەتان، خولقێنەری ئەم چەندبەرەکایەتییەن و تووی نەفرەت دەچێنن بەلام، ئەرکی یەکگرتوویی و نزیکبوونەوەکە دەخنە سەرشانی ئێمەمانانێک" کە پرۆژەیەکمان نییە و لە ساحلەکانی ئورووپا خەریکی خۆشرابواردنین؟!!

ئێوە کە خۆتان، بە باڵی کەمینە و زۆرینەوە، بێ هومێدی و ڕەشبینی و بێ ئاسۆیی بڵاو دەکەنەوە، بەڵام ئێمە دەبێ مژدەی هیوا و گەرمی و ڕزگاری بدەین؟!

ئایا ئەوە ئێمەین کە رقوقین و نەفرەت و تووی ناهومێدی بڵاو دەکەینەوە یان ئێوەن؟ هەر ماوەیەک، بەجێگای پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی هەڵەی خوتاندا، کەس یان کەسانێک، دەکەنە قوربانی بۆ ئەوەی قەیرانەکەتان بە سەر شانی ئەم و ئەودا بشکێنن!! با گوێقولاخ بین و ببینین لە ڕۆژان و مانگەکانی داهاتوودا، چ کەسانێکیتر لە ناو کۆمەڵەی زەحمەتکێشاندا، "هەرا و گۆلمەز" دەنێتەوە تا بیبانکەنە پەرۆسووتاو و قوربانی ئەم ململانێیە. ئەوە کێیە کە تووی نەفرەت دەپژێنێت، واباشترە ئەم قەزاوەتە بسپێرین بە مێژوو و ئەو کەسانەی کە سەیری ڕەوتی ڕووداوەکان دەکەن.

بەرێز خالید سیادەت، هەموو ڕەخنەکانی خۆم لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی و زۆربەی ئەندامانی رێبەری ئێوە و خۆت باسکردووە. دژ بە جیایی ئێوە بووم لە حیزبی کمونیست(هەڵبەت بەم جۆرەی کە ئێوە بەرێوەتانەوە برد). ئەوەی کە ئێوەی تووشی ئەم قەیرانە کرد " بێهوویییەتی" ئێوە بوو، ڕۆژێک چەپ و سۆسیالیست بوون، ڕۆژی دوواتر ئەوەندە بەرەو ڕاست دەرۆیشتن کە قێزەونانە بوو. ئەملا "چریکی اکثریت"، ئەولا کوری شا. زەحمەت نەبێ، ئاورێک لە نووسراوەکانی خۆتان سەبارەت بە " بەرەی کوردستانی" بدەنەوە کە چۆن نزمایەتی بە کۆمەڵە دەکەن. ڕۆژهەڵات تیڤی، کە لە هەموو شتێک دەچوو بەڵام لە کۆمەڵە نە دەچوو، ببوە مەیدانی ڕمبازێنی ئەو کسانەی کە بە نوسراوە و لە کتێبی خۆیاندا، کۆمەڵەیان بە هەموو شتێک تاوانبار کردووە. ئێوە، بۆ پاراستنی قازانجی بەرتەسکی ڕێکخراوەیی، کەوتنە دژایەتی لەگەڵ بانگەواز بۆ مانگرتنی سەراسەی لە کوردستان، بەدوای کوشتنی شوانەی قادری لە شاری مەهاباد و ئاخێزەکانی شارەکانی کوردستان لە هاوینی ساڵی 2005، و ڕاگەیاندنە جوانەکەتان بەپەلە لەسەر ماڵپەرەکانی خۆتان لابرد. ئێوەن کە نە تەنیا تەوزیحێک، بەلکوو دەیان تەوزیح، بە خەڵکی کورد قەرزدارن، ئێوەن، کە بە خشکە، چاو لەو هەڵە

زەبەلاحە سیاسییەتان دەقوچێنن. ئێمە هیچ نیازێکمان بە " دەستەبەرکردنی مەشروعییەت و حەقانییەتێک بۆ خومان نییە". ئێوەن، کە بە خەڵکی کورد دەڵێن " لە سەفەری خۆمان بۆ ئەمریکا خۆشبینین"، ئێوەن کە بە جێگای پشتئەستوربوون بە خەباتی جەماوەریی کرێکاران، ژنان، خوێندکاران و روناکبیران، بایەخێکی زۆر گەورەتان بە دیپلۆماسی دا. " سیاسەتی ئینتزاریش بەڕاستی ئێوەن ڕەچاوەی دەکەن". ئێوەن کە، هەر بە زیادبوونی دوو دەنگ، دەستتان خستە تینتینۆکەی هاورێیانی تا دوێنێی خوتان و بە شێوازی " کمونیسم کارگری"، کەوتنە پاڵاوتن و " تصفیە". لانیکەم ئەو هەڵوێستانەی ئێوەم بە هەڵوێستێکی شۆڕشگێرانە و سۆسیالیستی نەدەزانی و بەڕاستی دووربوون لە هەڵوێستەکانی رابوردووی کۆمەڵە. کەس یان کەسانێک ئەگەر " رێبازی فیکری و سیاسییشیان" نە هێنابێتە سەر کاغەز، ئەمانەیان دەدەیت و بێزاری خۆیان لەگەڵ دەردەبری و پێیان ڕادەگەیاندن. هیچ نەبێت، ئێمە خاوەنی ئەم کارنامە جوانانەی ئێوە نین. زۆریش بەداخەوەم کە ئێوە و باقی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، ڕەخنەگرتن و ڕەخنەگەری، بە دوژمنایەتی لەگەڵ خۆیان دەزانن.

## سیاسەتی لوکس؟!

کەسێک کە خۆی بە کۆمەڵە و ڕەوتی سۆسیالیستی لە کوردستاندا بناسێت، بەڕاستی، لەم ڕووداوانەی، وەک تەقەکردن لە یەکتر لە نێو بنکەکانی کۆمەڵە و پەیتاپەیتا هاتنی هێزی ئاسایش و جێگیربوون و دابینبوونی ئەم هێزە بۆ هێدیکردنەوەی وەزعەکە لەم بنکانە، خەجالەت دەکێشێت. نوسراوەکانی ئێمە لەدژی ئەم کارەساتانە بووە و بەس. ددانمان لەگەڵتان کەوت بەڵام، لەبەر خۆبەزلزانی و قۆرەدەماغی، جوابی کەس نادنەوە و مێشێکتان لێ‌میوان نییە!! بۆچوونتان سەبارەت بە کەسایەتی و مرۆڤ وەک ئەوانی‌ترتان وایە. خ.س سەبارەت بە ئێمەمانان دەڵێت: " کوا ئەوە وەزیفەی سیاسیە بۆ خوتانتان دیاری کردوە، بۆ دڵتان بەو جورە لە کاری سیاسی خۆشە، کوا مرۆڤی شوورشگێر و سوسیالیست، کە ئێوە بەردەوام باسی دەکەن بەوەندە وەزیفە بۆ خۆی رازیە. تا چەندە دەکرێ نانی چالاکی و پیاوباشی ساڵانی رابۆردو بخۆی، ئێوە لە مێژە خەریکن لە حیسابی ئیعتباریەکەتان خەرج دەکەن. بروا بکەن شۆڕشگێری ڕاستەقینە واناکا کۆمەڵە و بزوتنەوەی کوردستان و کرێکاران و زەحمەتکێشان پێویستیان بەوەیە بارێک لە سەر شانیان سوک کەی".

بەڕاستی، ئێوە بارەکەتان لە سەر شانی خەڵکی کورد چاک سووک کرد!! دەستتان خۆش بێت!! "شۆڕشگێری ڕاستەقینە" هەر دەبێت وەکوو ئێوە بکات!!! کە هێزی ئاسایشی سلێمانییەشتان هێندە هێناوەتە سەر خۆتان کە لێتان وەڕەز بوون!! لە لایەکی‌ترەوە، هەر کەس خۆی موختارە کە چ وەزیفە و ئەرکێکی سیاسی بۆخۆی دیاری دەکات. لێرەدا ناکرێت ببیتە ماموستای ئەخلاق و بەربیتە ئامۆژگاری و نەسیحەت و دیاری کردنی رادەی زۆر و کەمیی وەزیفەی سیاسی بۆ ئەم و ئەو. شێوەی خەبات و ڕادە و میزانی خەباتی سیاسی، بۆ کەسێک کە لە ناو رێکخراوێکدا نییە، کەس ناتوانێت بۆ کەسێکی‌تری دیاری بکات. پرسیار ئەوەیە، ئێوە بە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندییەوە، لە دەرەوەی وڵات چیتان کردووە کە خەڵکانی‌تر نەیکردووە؟! وادیارە ئەگەر چاوتان بە ئەندامێکی پەرلەمان لە وڵاتێکی وەک سوئێد کەوت و یان کۆبوونەوەیەکی " کنگرە ملیتهای ایران فدرال " تان گرت، ئەوە سۆسیالیستییە؟!

بەڵام خاڵێکی گرنگ، و لەرادەبەدەر هەڵە، لە بیروڕای خ.س، هەڵسەنگاندنی کادر و پێشمەرگە و هەڵسووڕێنەرانی کۆمەڵەیە، کە بە هەر هۆیەکەوە بێت، لەگەڵ ئەم رێکخراوانە نەماون و سەر بە هیچ لایەنێک نین. ئەم بەرەیە، دڵسۆزی کۆمەڵەن و مێژووی کۆمەڵە بە هی خۆیان دەزانن، بە سەرکەوتنەکانی شاد و بە لاواز بوونی کز دەبن. کۆمەڵە مولکی هیچ تاکە کەسێک نییە. بۆچوونی خالێد سیادەت( دیارە ئەوە سیاسەتی زاڵ لە ناو حیزبەکەیاندایە، نوسراوەی بەهەمەنی عەلییار زۆر بەزەقی لەم بارەوە دەدوێت) ئەوەیە کە تا لە ناو رێکخراوی کۆمەڵەدا بووین " چالاک و پیاوباش" بووین، بەڵام ئێستا "ناچالاک" و "پیاوخراپین". ئێمەمانان، ئێستا ئیعتبارێکمان نەماوە و " لە مێژە خەریکین لە حیسابی ئیعتباریەکەمان خەرج دەکەین". بە واتەیەکی‌تر ئیعتبارمان

نییه و " تاریخی مصرفمان تەواو بووه"!!!. ئەوەی کێ ئیعتباری هەیە و کێ نییەتی، باش وایە خوێنەران قەزاوەتی لەسەر کەن.
لەوەش سەیرتر ئەوەیە، ئەگەر لە کوردستان بوویت( بنکەکانی کۆمەڵە لە دەوروبەری سلێمانی) میداڵی شۆرشگێریت ئۆتۆماتیک بەشانەوە هەڵدەواسرێت!!. لەوێ، گوایە خەریکی پێکهێنانی "یەکیەتیی" رەوتی کۆمەلەن. لەوێ، گوایە خەریکن بار لەسەر شانی خەڵکی کورد کەم دەنەوە. لەوێ گوایە، خەریکن موژدەی هیوا و یەککرتوویی و نزیکبوونەوە دەدەن. بەڵام ئەگەر لە ئورووپا بوویت، ئۆتۆماتیک خاوەنی میداڵی ناشۆڕشگێریت، خەریکی تووی دووبەرەکایەتی دەچێنیت، خەریکی بارقورسترکردن لە سەر خەڵکی کوردستانی!! بەراستی بەم بیروبۆچونانەتان، ئەندامانی " شۆڕشگێر و سۆسیالیستی" باش پەروەدە دەکەن!!!!!!!! هێنانەگۆری باس لەم چەشنە ئاستێکی زۆر نزمی هەیە و بەس.
خ.س لەدرێژەی باسەکەیدا دەلێت کە :" بە راستی ئەوە مۆدێلیکی نوێ و زۆر لوکسی سیاسەت کردنە کە ئێوە لە مانگەکانی رابۆردودا پێشکەشی بازاری سیاسەتی دەرەوەی وولاتتان کردوە. سەردەمی لاوی ئێوە و خەباتی ئێوە لە کۆمەڵەدا ئەڵبەتە جێگای رێزە، بەلام ئەوە ئەرکی خۆتانە پارێزگاری لێبکەن. "
من بە سەهمی خۆم، بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی ئێوە، پارێزگاری لە خەباتی هەموو ئەو کەسانەی کە لە کۆمەڵەدا خەباتیان کردووە، بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم، ئەوانە کەسانێک بوون کە بۆ رزگاری چینی چەوساوە و زەحمەتکێشی کورد، بۆ خەباتی گەلی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتیی و ئینسانیی خۆی، خەباتیان کردووە، ئەوانە کەسانێک بوون بۆ ئازادی و سۆسیالیسم، بۆ نەمانی بێعداڵەتی و زوڵم و زۆر، خەباتیان کردووە و هاوسەنگەر و هاوخەباتی من بوون، سەرەرای ئەوەی کە ئێستا وەک یەک بیر ناکەینەوە. ئەگەر باسێک لە "سەردەمی لاوی" ئەم کەسانە بێتە گۆری، بۆچی داکۆکییان لێنەکەم؟ ئێوە سەیری مرۆڤ وەک " ابزار" یک دەکەن و ئەم بۆچوونە بەو نەتیجەیە و ئاکامەتان دەگەیێنێت.
بەڵام با بێینە سەر " ئیمزاکۆکردنەوە". یەکەم ئەوەی کە لە خەباتی سیاسییدا، ناکرێت سنوور دانێت کە ئەم شێوازە غەلەتە یان دروستە، شێوازی خەباتکردن دەکرێت، مانگرتن بێت، خۆپێشاندان بێت، مانگرتن لە خواردن بێت، ئیمزاکۆکرنەوە بێت و هتد. ئیمزاکۆکردنەوە(طومارنویسی) سەردەمێکی زۆر لە ناو جولانەوەی سیاسی لە ئێراندا باو بوو. ئەم چەشنە چالاکییە، چ بۆ ولاتانی دیکتاتۆری و چ بۆ ولاتانی دیمۆکراتیک گونجاوە. لە ولاتانی پێشکەوتوی ئورووپا، ئیمزاکۆکردنەوە زۆر شتێکی ئاساییە. ئەمە نە لۆکسە و نە نالۆکسە، بەڵکوو شێوازێکە بۆ راکێشانی سەرنجی رای گشتی و دەربرینی دەنگی نارەزایەتی لە دژی پەرلەمان، دەولەت، دایرەی پەنابەران و یان داکۆکیکردن لە مەسەلەیەکی کۆمەلایەتی و یان تاکەکەسی. لەم جۆرە چالاکییانەدا( ئیمزاکوکردنەوە) تیپی جۆراوجۆر دیتە مەیدانەوە کە تەنانەت یەکتریش ناناسن، خاوەنی بیروبۆچوونی جیاوازن بەلام لەسەر ئەم مەسەلە تایبەتە، ناویان دەخەنە پەنای ناوی یەکەوە.
رۆژ نییە، کە لەناو شەقامەکانی شارەکانی ئورووپادا، تووشی چەندین تاقم و گروپ نەبیت کە خەریکی ئیمزاکۆکردنەوەن. کەسیش بەرپرسی ئیمزای کەسیتر نییە، بەو مانایە کە شتەکە شەخسییە. بۆ وێنە، ماوەیەک لەوەپێش، نوسراوەیەکم ئیمزاکرد( لە سوئێد) لەدژی راگواستنی کوردەکانی کوردستانی عێراق بۆ کوردستان. ناوەرۆکی نوسراوەکە، دژی کارێکی نامرۆڤانە بوو و هەر بەم هۆیە ئیمزام کرد. رەنگە دوای من چەند نەفەری پیاوخراپیش ئیمزایان کردبێت. کە ئیتر من بەرپرسایەتیی ئەوانم نییە و بۆچی ناویان هاتۆتە پەنای ناوی منەوە، ولامدەری نیم. بە قەولی دوستێک، ئیمزاکردن وەک خۆپیشاندان وایە، چاک و خراپی تێوە دێت، بەلام لە بەرحەقبوونی خۆپیشاندانەکە کەم نابێتەوە.
قسەی ئاخر، رەخنەگرتن و رەخنەگەری سەرەتاییترین مافی مرۆڤە و بە بیانووی نەبوونی " پرۆژە و بەرنامەی سیاسی" حەقتان نییە ئەم مافە پێشێل بکەن و بیخەنە ژیر پرسیارەوە. رەوتی سۆسیالیستی و پیشکەوتوو و عداڵتخواز لە ناوەوەی کوردستان، بە هاوخەباتی و هاریکاری هەڵسورێنەرانی سیاسیی لە دەرەوەی ولات، بێگومان بەرەو ئەوە دەچن کە رەوتێکی نوێی پێکبینن. رەوتی کۆمەڵەیەکی سۆسیالیست و عەداڵتخواز، کە

دڵی بە ڕێکخراوێکی زەردەڵ و نەخۆش نییە، پێویستییەکی مێژویی هەیە بە وڵامدانەوە بە خاڵە گرنگەکانی سیاسی سەردەمی ئێستا و دووارۆژ. هەڵوێستەکان و هەڵسووکەوتەکانی ئێوە و بەرەی چاکسازی و حیزبی کۆمونیستی ئێران، بەکردەوە خۆی لەو ڕەوتە وەدەرهاویشتووە. ئەوەی ئێوە دەیکەن پارێزگاری لە پرێنسیپەکانی کۆمەڵە نییە و سیاسەتی شەلم، کوێرم، ناپاریزم، سیاسەتێکی ژەنگاوییە و ماوەی بەسەر چووە.

هاشم ڕەزایی 02-05-2008

hashem91@hotmail.com